# ڕەهەندی ئیستێتیکا لە نمایشی (کەسێک هەردێت)

كامەران حاجی ئەلیاس(*)

لە چوارچێوەی پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، تیپی هونەریی ڕۆژ شانۆگەری (کەسێک هەردێت) لە نووسینی (یۆن فۆستە) و دەرهێنانی (مەهدی حەسەن) نمایش کرا.

هەڵبژاردنی دەق بۆ هەر دەرهێنەرێک کارێکی ئاسان نییە، بگرە یەکێکە لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی نمایشەکە، پاشان هەڵبژاردنی ئەکتەران بۆ ڕۆڵ بینین دێت، هونەرمەند (مەهدی حەسەن) دەقێکی شانۆیی بە ناوی (کەسێک هەردێت) لە نووسینی نووسەری نەرویژی (یۆن فۆستە) هەڵبژاردبوو، زۆربەی دەقەکانی ئەم نووسەرە لە پێناو مرۆڤایەتین، بۆ نموونە لەم دەقە شانۆییەدا بیرۆکەکەی تایبەت نەبوو بە شوێنکی دیارکراو، یان نەتەوەیەک، یان بە سەردەم و کاتێکی دیارکراو، دەقی (کەسێک هەردێت) گوزراشت لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری ئێستای کوردستان دەکات، گومان، ترس، دڵەڕاوکێ، چەمکی سەرەکی ئەم شانۆگەرییەن لەنێوان ژن و مێردێک (ئەوی نێر و ئەوی مێ).

هەر لە سەرەتای نمایشەکەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردووکیان بە گومانن، بۆیە بە دوای شوێنێک، یان ماڵێکدا دەگەڕێن لە هەموو شتێک دووربێت، بەتایبەتی لە مرۆڤەکان دوور بن، گومانەکە سەرەتا لای ئافرەتەکە دوایی بەهاتنی کەسی سێیەم (پیاوەکە) ئەو کەسەی خانووەکەی پێ فرۆشتوون گومانەکە لەلای پیاوەکە زیاتر دەبێت، تا کۆتایی شانۆگەرییەکەش گومان لەلای هەردووکیان بەردەوامە، لەو کاتەی ئەوان بەدوای ماڵێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە هێمنی و ئارامی تێدا بژین، هەر بۆیە ماڵێکی کۆن دەدۆزنەوە، سەرەتا زۆر دڵخۆش دەبن، بەڵام بەهاتنی کەسی سێیەم ژیانیان زۆر ناجێگیر و گوماناویتر دەبێت.

لێرەدا دەرهێنەر مەهدی حەسەن لە هەڵبژاردنی دەق زۆر



**لە ڕاستەوە: مەهدی حەسەن، چاوان خەلیل، یووسف عوسمان ڕیزی دواوە: دڵشاد شەهاب.**

سەرکەوتوو بوو، بە جۆرێک توانی خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەقی نووسەر بکات و دەقێکی نمایش ئامادە بکات کە دەست و پەنجەی خۆی و دیدگای وەک دەرهێنەرێک لەسەر دەقەکە زۆر بە ڕوونی دیار بێت، چونکە ئەگەر دەرهێنەر نەتوانێ مانا و ئاماژە شاراوەکانی دەقەکە بدۆزێتەوە، تەنیا هەمان وشە و دەقەکە وەک خۆی ئەکتەرەکان بەرجەستەی بکەن، لەو کاتەدا کە دەرهێنەر لە چەمکی دەقەکە نەگەیشتووە، مەهدی حەسەن دەقێکی نمایشی وای بۆ ئێمەمانان ئامادەکردبوو کە بینەر بە چێژ و تێڕامانی بۆ ڕووداو و دیالۆگەکانی ئەکتەرەکان دەکرد، چونکە دەرهێنەر زۆر زیرەکانە بە چاوی دەرهێنان نەک بە چاوی خوێندنەوەی ئاسایی کاری لەسەر دەقەکە کردبوو، لە هەمووی گرنگتر بینەران چەندان خوێندنەوەیان بۆ نمایشەکە کرد، ئەوەش یەکێک بووە لە ئامانجەکانی دەرهێنەر، بۆ ئەوەی بینەر و پسپۆڕانی شانۆ لێکدانەوەی جیا جیای خۆیان لەسەر نمایشەکە هەبێت، هەموو ئەو بۆچوون خوێندنەوانەش لەسەر نمایشەکە لای دەرهێنەر مایەی قبووڵکردن بوون.

ئەگەر سەیری ئەو نمایشە و نمایشەکانی تری دەهێنەر مەهدی حەسەن وەک شانۆیی (ئەوەی ڕووی دا هەرچی بێت گرنگە) و (بە تووڕەیی ئاوڕ لە ڕابوردوو بدەوە) بکەین، هەست دەکەین نیمچە ستایل و شێوازی کارکردنی تایبەت بە خۆی دیار دەکات، بەتایبەتی لە ڕووی کارکردن لەسەر گۆڕینی "شوێن"، چونکە ئەو هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە لە دەقی نووسەرەکان شوێنەکان تێکبشکێنێ، تا ڕادەیەکیش بە زەمەنی دەقی نووسەریش پابەند نەبووە بۆ ئەوەی لە کرداری دەرهێنان لە چوارچێوەیەکی داخراو نەبێت، بەڵکو ڕەها و ئازاد بێت لەم کارە و لە دوو کاری ڕابوردووشی مەهدی حەسەن شوێن دەکات بە دارستان، یان بیابان وەک گوزارشتێک کە مرۆڤ هەردەم لە بیابان، یان لە دارستان خۆی ون دەکات، بۆ نموونە لەم شانۆگەرییەدا لە دەقی نووسەر شوێن ماڵێکە، بەڵام دەرهێنەر کردوویەتی بە دارستان و تەنیا دارێکی وشکی بێ گەڵا لە ناوەڕاستی شانۆییەکە دەبێتە خەونی ئەو ژن و مێردە بۆ ئەوەی ماڵێک دروست بکەن کە دەکرێت دارەکە ببڕنەوە و بیکەنە ماڵێک بۆ خۆیان، چونکە سەرەتای دروستکرنی خانوو لە دار بووە لەگەڵ بوونی کۆمەڵێ گەڵای وەرین کە پانتایی تەختەی داپۆشیوە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە هیچ هیوایەک نییە، بەڵام ئەوان (ژن و مێردەکە) بە ئۆمێدەوە بۆ گەڵا وەرینەکان دەچن، لە هەمان کاتدا لە سەرەتای نمایشەکەدا، پایسکلێک هەیە لەژێر کۆنتڕۆڵی (ژن و مێردە)کەیە، چەند جارێک هەردووکیان بەیەکەوە بە پایسکلەکە دەخولێنەوە کە هێمای بەردەوام بوونی ژیان و هێمای زەمەن و ڕۆیشتنیش دێت، لە کۆتایی نمایشەکەشدا کەسی سێیەم پایسکلەکە لێ دەخوڕێت کە کەسێکی گوماناوی و نەرێنییە، ئامانجی ئەوەیە کە ژیانی ئەو دوو کەسە پڕ بکات لە گومان و دڵەڕاوکێ بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆی، هەر بۆیە لەگەڵ کۆتایی نمایشدا جڵەوی پایسکەلەکە وەردەگرێت، کە هێمای هێز و دەسەڵات و پارەیە، گومانەکانیش لەگەڵ ژیانی ئەواندا هەر بەردەوام دەبێت.

دەرهێنەر بنیادی نمایشەکەی لەسەر شوێن و لەسەر گومان بنیاد ناوە کە بریتین لە گۆڕینی ماڵ بۆ دارستان، یان بیابان، لە هەمان کاتیشدا هەر ماڵە، واتە سرووتێکی شانۆیی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵی بۆ بینەر فەراهەم کردبوو، بە جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان هەردوو سرووتەکەدا دروست کردووە کە ئێمەمانان هەستمان دەکرد ئەو شوێنەی نمایشی تێدا دەکرێت ماڵێکە، لە هەمان کاتدا دارستانیشە، گومانیش لەلای هەردووکیان بوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ هاتنی کەسی سێیەم گومان زیاتر دەچێتە لای مێردەکە، هەر بۆیە کاتێ گومان دەکەوێتە لای پیاو، بێ گومان وەک زانراوە لە هەڵسوکەوتدا توندوتیژی نێر هەردەم بەهێزتر دەبێت، وەک ئەوەی لەلای ئافرەت بێ، ئەم گومانەش زیاتر لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بوونی هەیە.

گومان لە نێو هەموو تاکێک و لە نێو هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە و کارێکی قێزەونە بێ، لەم کارە شانۆییەدا دەرهێنەر بەشێوەیەکی هونەری کە ڕەهەندی ئیستێتیکای لە ڕووی دیالۆگ و جووڵە و ڕووناکی وەرگرتبوو، زۆر فەنتازیانە خستییە بەردەم بینەران، واتە بە فۆرمێکی هونەری کاری لەسەر



**دیمەنێک لە شانۆیی «کەسێک هەردێت»**

گومانەکە کردبوو کە بینەر چێژی لەو گومانە وەرگرت، ئەوەش کاری پرۆسەی دەرهێنانی دروستە، خاڵێکی تری ئەم نمایشە ڕیتمە کە لە هەموو شانۆگەرییەک گرنگە، بە واتایەکی تر ڕیتم ڕوحی نمایشە بۆ ئەوەی بینەر تووشی وەڕس بوون نەبێت، دەرهێنەر بە شێوەیەکی هاوسەنگ کاری لەسەر هەر سێ جۆر لە ڕیتم کردبوو (ڕیتمی بینین، ڕیتمی بیستن، ڕیتمی جووڵە) کە هەر خاوەن سێ ڕیتمەکە تەواوکەری یەکتر بوون.

جوانی ئەم نمایشە بوونی چەند دیمەنێکی ڕۆمانسی شانۆیی بوو، هەرچەندە بوێری لە نواندنی (خۆشەویستی، ئەڤین، عیشق، ماچ، لە باوەش گرتن) داهێنان نییە، بەڵام لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، بە تایبەتیش لە نێو کۆمەڵگای کوردی دەتوانم بڵێم بوێری داهێنانە، کارێکی ئاسان نییە کچێک لەسەر تەختەی شانۆ کوڕێک لە باوەش بگرێت و ماچی بکات، دەرهێنەر دیمەنی لەباوەش کردن و ماچکردنەکەی، ئەوەندە بە جوانی کاری لەسەر کرابوو کە ئامانج لەو دیمەنانە بۆ بینەران ورووژێنەر و سێکسی نەبوو، ئەوەندەی دیمەنێکی ئەفسووناوی نێو شانۆی ڕۆمانسی بوو، ڕەهەندێکی جوانناسی سەرنجڕاکێش بوو، لەلای بینەرانیش هەر بەو ڕەهەندە خوێندنەوەی بۆ کرا، کاردانەوەی نەرێنی نەبوو.

ئەو دارەی کە لە ناوەڕاستی شانۆ بوو لە ڕووی جۆر، بگرە شێوەکەشی لە دارەکەی شانۆگەری (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)ی بیکێت نزیک بوو، یان دەکرێت خوێندنەوەی دار سێوەکەی (ئادەم و حەوا)شی بۆ بکرێت، لێرەدا دەرهێنەر لە نێو دارەکەی سیمای ئافرەتێکی دروستکردبوو، لەهەمان کاتدا ئەو سیمایە لە شێوەی هێلانەش بوو، دەشێ ئەو شوێنە، یان ئەو ماڵە هێمن و ئارامە بێت کە ئەو (ژن و مێردە) بە دوای دەگەڕێن، زۆر جاریش ئەو سیمایە ئەوەی دەبەخشی کە گومان بەردەوام لە ناوەوەی هەموو تاکێک هەیە.

کاتێ نواندن و دەرهێنان هاوتای یەک دەبن لە بەرجەستەکردندا نمایشێکی سەرکەتوو لە دایک دەبێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لە دوو توخمە ئاست نزم بێت، کاریگەری نەرێنی تەواوی لەسەر پرۆسەی نمایشەکە دەبێت، لەم نماشەدا (یووسف عوسمان، چاوان خەلیل، دڵشاد) ئەکتەری ئەو نمایشە بوون، بە داخەوە تا ئێستاش لەلای هەندێک لە بینەران وا باوە ئەگەر ئەکتەرێک زۆر لەسەر شانۆ دەرکەوت، یان دیالۆگی زۆر بوو، ئەوە ئەکتەرێکی باش و سەرکەوتووە کە ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، زۆر جار ئەکتەری وا هەبووە بەیەک جووڵە، یان چەند دیالۆگێکی کەم توانیویەتی بە جوانترین شێوە نواندنەکەی بکات و پەیامەکەی خۆی بە بینەران بگەیەنێت، ئەوەی مەبەستە ئاماژەی پێ بدەم، نواندنەکەی (م. یووسف عوسمان) لە ڕۆڵی "پیاوەکە" لەم نمایشەدا ڕاستە کەم دەرکەوت و دیالۆگەکانی کەم بوون، بەڵام بەهۆی بوونی ئەزموونێکی زۆری نواندن توانی لە ڕێگەی جووڵە، ئاماژە، هێما و گوزارشتەکانی جوانترین کارەکتەری (دەسەڵاتدار، نیاز ناپاکی، فێڵباز) پیشان بدات، ئەکتەری خاوەن توانست (چاوان خەلیل) کە ڕۆڵی "ئەوی مێ"ی بەرجەستەکردبوو، بە جۆرێک لە چەمکی کەسایەتییەکە گەیشتبوو خوێندنەوەی بۆ هەموو وردەکارییەکانی جووڵە و گوزارشتەکان کردبوو، زۆریش بە بوێری جێبەجێی کرد، کەسایەتییەکەی زۆر ئاڵۆزبوو، زۆرجار لە لووتکەی تووڕەیی، دڵەڕاوکێی نواندن بۆ لووتکەی نواندنی ڕۆمانسی، جگە لە ماندووبوون و هەوڵ و کۆششی خۆی، شیکردنەوەی وردەکاری ڕەهەندی کەسایەتییەکە لەلایەن دەرهێنەرەوە هۆکاری سەرکەوتنی چاوان بوون لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەیدا.

زۆر جار بوونی دەرفەت بۆ ئەکتەر دەتوانرێت بوونی خۆی و توانستەکانی دەربخات، (دڵشاد شەهاب) ڕۆڵی کەسایەتی "ئەوی نێر"ی بەرجەستە کردبوو، بە هۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی باشی لە چەمکی شانۆگەرییەکە و ڕۆڵەکەی خۆی هەبوو، هاوتای نواندنی (چاوان) کە هەردووکیان هاوکاری یەکتر بوون، توانی سەرنجی زۆرێک لە بینەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەتایبەتی نواندنە ڕۆمانسییەکان.

لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە ستافی ئەو شانۆگەرییە دەکەین، بەهیوای کاری باشتر و بەردەوامی.

*** مامۆستای بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.**